

# دلبەر جزیری خەریکە لە هونەری کوردی بێ ئومێد دەبێ

ژیانی ئەورووپا نەبووەتە ڕێگر لەبەردەمی کە وەك کچە کوردێك بە هیوا و ئاواتەوە مل بداتە بەر کاروانی هونەری بۆ ئەوەی لە غەریبی و دوور لە وڵاتی خۆی، لە ڕێگای هونەرەکەیەوە خزمەتێك بە میللەتەکەی بکات، چونکە خۆی و خانەوادەکەی و ئەو کەسانەی لێی نزیك بوون و شارەزای بواری هونەری گۆرانیوتن بوون هەستیان بەوە دەکرد کە ئەم کچە خاوەن بەهرەیەکی هونەرییە زۆرە ئەگەر هاریکاری بکرێ.

دلبەر لە خانەوادەیەکی هونەردۆست پەروەردە بووە و وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات حەز دەکات شتێکی نوێ بخاتە نێو هونەری کوردییەوە، بێ ئەوەی کەلتووری رەسەنی کوردی لە بیر بکرێ یان فەرامۆش بکرێ، بەڵکو حەزدەکات کە گۆرانییەکانی تەنیا بۆ گەنجان نەبن، بەڵکو کەسانی بە تەمەنیش گوێی لێبگرن و ئەو گۆرانییانەی لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆیدا دلبەر جزیری پێشکەشی کردن و بەو ستایلە تایبەتەی کە تێکەڵێکە لە نێوان هونەری رەسەنی کوردی و هونەر و گۆرانی مۆدێرندا، گەواهیدەری ئەو راستییە بوون کە ئەم کچە کوردە وزەیەکی هونەری لە ناخیدا هەیە، دلبەر چەند جارێك سەردانی کوردستانی کردووە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری، بەڵام وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات کە لە دوایین سەردانیدا بۆ کوردستان تووشی نائومێدییەك بووە لە پاشەڕۆژی هونەری کوردی و ئەو هیوا و ئاواتانەی لەو بوارەدا هەیبوون خەریکە سیس دەبن و دەپوکێنەوە، چونکە ئەوەی خۆی چاوەڕوانی دەکرد ئاوا دەرنەچوو، لەم بارەیەوە لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دلبەر وتی: من ماوەیەکی زۆرە بە ئاواتەوە خەریکی کارێکی هونەری نوێم بە ناوی (خائین) بۆ ئەوەی خزمەتێك بە گۆرانی و موزیکی کوردی بکەم و وەك دیارییەك پێشکەش بە هەوادارانی دەنگی خۆم و جەماوەرەکەم بکەم و زۆریش خۆم ماندوو کرد، بەڵام هەر کارێکی هونەری پێویستی بە هاوکاری و سپۆنسەر هەیە، چونکە هونەرمەند ناتوانێت هەموو کارەکانی لەسەر حیسابی خۆی ئەنجام بدات، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو کوردستان کە لە بری کاری هونەری هونەرمەند هیچ خەرجییەکی بۆ ناگەڕێتەوە و ناتوانێت لە رێگەی هونەرەکەیەوە بژێوی ژیانی پەیدا بکات، هونەرمەندان زیاتر وەك حەزێك کارەکانیان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لە کاروانی هونەری دانەبڕێن و بوونیان لەو بوارەوە هەبێت.

دلبەر بە نائومێدییەوە باس لەو کارەی خۆی دەکات و دەڵێت: دوای تەواو بوونی کارەکانی بەرهەمی (خائین) حەزم کرد وەك کلیپ پێشکەشی بکەم بۆ ئەم مەبەستەش داوای هاوکاریم لە زۆر کەس کرد، بەڵام کەس ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەك یارمەتیم بدات و کاتێك پرسیارم دەکرد بارودۆخی کوردستان و بەتایبەتی شەڕی نەگریسی داعشیان بە بیانوو دەهێنایەوە بۆ هاریکاریی نەکردنم، ئەمە زۆر ئاساییە و منیش وەکو هەر کوردێك زۆر بە باشی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کوردستان لەبەرچاو دەگرم و دەرك بەوە دەکەم کە بارودۆخەکە سەختە، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی خۆمە بپرسم بۆچی لەو کاتە سەخت و دژوارەدا هونەرمەندانی دیکە هەن هاریکارییەکی زۆر زیاتر لەوە کە بەرهەمەکەم پێویستی پێی هەیە کراون کەچی بۆ ئێمە هاریکاری نییە.

لە بارەی ئەو ئاستەنگانەی دێنەپێش هونەرمەندانی کورد لە ئەوروپا دلبەر دەڵێ: من ناتوانم بەرهەمێك بڵاو بکەمەوە و باوەڕ ناکەم هیچ هونەرمەندێکی دیکەش بتوانێت ئەمە کارە بکات ئەگەر بیەوێت ئەلبوومێك بڵاوبکاتەوە، من کار دەکەم پەیدا کردنی بژێوی ژیانیش لە ئەوروپا ئاسان نییە، بۆیە ئەگەر بمەوێ ئەلبوومێك بڵاو بکەمەوە پێویستە چەند ساڵێك کار بکەم و خۆم ماندوو بکەم تا بتوانم کارێکی جوان پێشکەش بە جەماوەر بکەم.

دلبەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بە یەکسانی لە هونەرمەندان بڕوانرێت و خەبات و خزمەتی هونەرمەندان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی هونەرمەندانیش بتوانن داهێنان بکەن و کاری خۆیان پێش بخەن و لەم بارەیەوە دەڵێت: من زیاتر دەتوانم لەو بارەوە باسی خۆم بکەم، سەرەڕای سەختیی ژیان لە ئەڵمانیا، بەڵام ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە من لە بواری هونەر و موزیك خزمەت بە میللەتی خۆم دەکەم و بەرهەمی هونەری پێشکەش دەکەم و هەموو خەرجییەکانیش خۆم دەیکەم و لەسەرحیسابی ماندوو بوون و شەونخوونی خۆم بووە، تەنانەت نەمتوانی خوێندنی زانکۆش تەواو بکەم ئەمەش تا رادەیەك پەیوەندیی بە کاری هونەریی منەوە هەبووە، کەچی نەك لەو بارودۆخەی ئێستا، بەڵکو بەر لە دەستپێکردنی شەڕی داعش و لەو کاتەی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خۆشدا بوو و هونەرمەندان هاریکاریی دەکران، کەسێك هاریکاریی ئێمەی نەکرد، بەڵام لەم بارودۆخە سەختەی ئێستاشدا کەسانێك هەن یارمەتی دەدرێن، من نازانم ئەم جیاوازە بۆ هەیە و لەسەر چ بنەمایەکە؟ کەسانێك تەنیا بە هونەر دەژین و یارمەتی دەدرێن و کەسانی وەکو ئێمەش پشتگوێ دەخرێن، ئەمە نادادپەروەرییە و لە کۆتاییدا زیان بە هونەری کوردی دەگەیەنێت.

دلبەر ئاماژە بەوە دەکات جگە لە زمانی کوردی ئەو دەتوانێت بە زمانی دیکەش گۆرانی بڵێ، بەڵام لەبەر خۆشەویستیی بۆ میللەتەکەی حەزی کردووە تەنیا خزمەت بە هونەر و زمان و کەلتووری کوردی بکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: من جگە لە زمانی کوردی دەتوانم بە زمانی دیکەش گۆرانی بڵێم بۆ نموونە زمانی ئەڵمانی و ئەگەر بە زمانی بیانی گۆرانیم گوتبا بێگومان زیاتر دەناسرام، هەروەها ئەو کات تەنیا کاری هونەریم دەکرد، چونکە هونەرمەندانی ئەڵمانی و بیانی تەنیا کار و پیشەیان گۆرانیی وتنە و سەرچاوەی بژێوی ژیانیانە، بەپێچەوانەی هونەرمەندی کورد ناچارە کارێکی دیکەشی هەبێت بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پەیدا بکات جگە لەوەی کە بتوانێت کاری هونەری ئەنجام بدات، بەڵام ئاواتی من تەنیا خزمەت کردنە بە هونەری کوردی بۆیە بە زمانی دیکە گۆرانیم نەوت و پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە راستە من لە ئەوروپا لە دایکبووم، بەڵام دایك و باوکم بەشێوەیەك پەروەردەیان کردووم کە کەلتووری خۆم ون نەکەم و بەر لەوەی فێرە زمانی ئەڵمانی بم ئێمەیان فێرە زمانی کوردی کردووە.

**مافی خۆمە بپرسم بۆچی لەو کاتە سەخت و دژوارەدا هونەرمەندانی دیکە هەن هاریکارییەکی زۆر زیاتر لەوە کە بەرهەمەکەم پێویستی پێی هەیە کراون کەچی بۆ ئێمە هاریکاری نییە**

**نەک لەو بارودۆخەی ئێستا، بەڵکو بەر لە دەستپێکردنی شەڕی داعش و لەو کاتەی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خۆشدا بوو و هونەرمەندان هاریکاریی دەکران، کەسێک هاریکاریی ئێمەی نەکرد**

# سوڵتانە مەریەم لەبەر هەژاری رووی لە نواندن کردووە



زۆرن ئەو یاریزان و ئەکتەر و هونەرمەندانەی کە لە سەرەتادا ژیانیان زۆر بە زەحمەت دەستپێکردووە و هونەر وەك حەزو خەونێك بووە بۆیان و دواتریش بوون بە ئەستێرەی جیهانی و ناوبانگیان سنووری وڵاتەکەیانی بەزاندووە و لە رێگای هونەرەوە ئێستا ژیانیان تەواو پێچەوانەیە سەردەمی پێش هاتنە ناوەوەی کاری هونەری بووە.

بیلین کاراهانی ئەستێرەی تورکی کە بە رۆڵی سوڵتانە مەریەم ناسراوە یەکێکە لەوانەی کە لە سەرەتادا زۆر نەهامەتی و دەردە سەریی بینیوە کە تا لە ژیاندا مابێت ناتوانێت لە بیریان بکات، لەم بارەیەوە بیرین دەڵێت: بە درێژایی ژیانم تەنیا یەك جار باوکی خۆم بینیوە، چونکە من منداڵ کە باوکم و دایکم جیا و دایکم جارێکی دیکە شووی کردەوە و دیسان تەڵاق دراوە ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر ژیانی من هەبوو، دەربارەی هاتنە نێو بواری هونەریش دەڵێ: دوای ئەوەی خوێندنم لە بواری گەشتیاری تەواو کرد، هیچ پارەم نەبوو و لە ئەستەنبولیش شوێنێك نەبووە کە تێیدا نیشتەجی بم، بۆیە سەردانی ئاژانسێکی ریکلامم کرد، ئەوانیش وتیان پێویستە سەرەتا تێستێك بکەی، بەڵام لە تێستی یەکەم دەرچووم و رۆڵیشم وەرگرت تا وای لێهات خەڵك بەو ناوە بانگم بکەن.

دەربارەی منداڵەکەیش دەڵێ: بە هۆی جیابوونەوەی دایکم و باوکم من تەمەنی منداڵیم زۆر زۆر سەخت بوو و هیچ چێژێکم لێی وەرنەگرت، لە ژیانی خۆمدا تەنیا یەکجار باوکم بینیوە و وشەی باوك بۆ من تا رادەیەکی زۆر نامۆ بوو، بۆیە هەوڵدەدەم کچەکەم لەو جۆرە گرفت و ئاستەنگانە بپارێزم و پاشەڕۆژێکی پرشنگداری بۆ فەراهەم بکەم.



# خوێنی ئارشی خان حەڵاڵ کرا

چەند پیاوێکی ئایینی هیندۆس فەتوایەکی توندیان دژی مۆدێل و ئەکتەری هیندی ئارشی خان بڵاوکردەوە و تێیدا داوای کوشتنی دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی کردەوە کە پێوەندیی لەگەڵ شاهید ئەفریدیی یاریزانی کریکێتی پاکستانی هەیە.
بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیوزستریت هیند) فەتواکەی دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی پێوەندی شاهید و شارشی هات و دواتریش ئارشی ئەمەی پشت راستکردەوە و لە تویتەر نووسی بووی: بەڵێ پێوەندی سەرجێییم لەگەڵ شاهید هەبووە، نازانم بۆچی پێویستم بەوەیە کە لەگەڵ کەسێك بخەوم رەزامەندیی میدیاکانی هیندستان وەربگرم، ئەمە ژیانی تایبەتیی خۆمە و من ئازادم چی بکەم.
دوای ئەم لێدوانە پیاوانی ئایینی بە فەتوایەکی توند وەڵامی ئارشییان دایەوە و داوای کوشتنیان کرد، بەڵام نەبووە هۆی پاشگەزبوونەوەی و وتی: فەتواکەی بەهۆی ئەو نووسینەی بووە، من ئازادم چۆن بژیم و دووپاتی دەکەمەوە کە شاهید خۆشەویستی ئەوە و پێشتریش ئەمەم راگەیاندووە، بۆیە ناکرێ پیاوانی ئایینی دەست بخەنە نێو ژیانی تایبەتیی منەوە، باشتر وایە پیاوانی ئایینی فەتوای کوشتنی ئەو کچانە دەربکەن کە دەنێردرێنەوە وڵاتان بە بیانووی کار کردن، بەڵام بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو، مێرد بە پیاوانی بە ساڵاچوو دەکەن و دواتر وەکو کاڵایەکی بێ نرخ بەرەڵڵایان دەکەین و هیچ بەها و نرخێك بۆ هەستی مرۆڤایەتییان دانانێن.

# ئیڤا گرین: هۆڵیۆد لە ئافرەت بوون بێبەشی کردووم



ئیڤا گرین یەکێکە لەو ئەستێرانەی هۆڵیۆد کە رۆڵەکانی تێکەڵێکن لە توندوتیژی و ئافرەتێکی دڵڕەقن لە هەمان کاتدا رۆڵی ئافرەتی سەرنجڕاکێش دەبینێت بە پشت بەستن بە جوانییەکەی، چونکە ئەو لە دایکێکی فەرەنسی و باوکێکی سویدی لە دایکبووە، سەرەتای دەرکەوتنی ئیڤا دەگەڕێتەوە بۆ فیلمی (شانشینی ئاسمان) کە باس لە رزگارکردنی قودس دەکات لەسەر دەستی سەلاحەددین ئەیوبی و دوایین فیلمیشی (٣٠٠ لە دایکبوونی ئیمبراتۆریەت) بوو.
لە بارەی وەرگرتنی رۆڵە سەرەکییەکان ئیڤا دەڵێ: دەرهێنەر بۆ ئەوەی فیلمەکەی سەرکەوتوو بێت بەدوای باشترین و گونجاوترین ئەکتەردا، بۆ نموونە لە فیلمی (٣٠٠ لە دایکبوونی ئیمبراتۆریەت) دەرهێنەر بە دوای ئەکتەرێکدا دەگەڕا کە دڵڕەق و سەرنجڕاکێش بێت لە یەك کاتدا ئەمەش تا رادەیەك زەحمەتە و چەند سیفاتێکی دژیەکی پێویستە وەك ناسکی و دڵڕەقی، خۆشەویستی و رق لێبوونەوە و گۆڕین لە ئافرەتێکی عاشق بۆ ئافرەتێکی دڵڕەقی بێ بەزەیی کە لە چاو تروکانێکدا خۆشەویستەکەی بکوژێت، هەروەها دەرهێنەر حەزی دەکرد بێ پشت بەستن بە تەکنۆلۆژیا و مکیاژ من ئەو رۆڵە ببینم، لە کۆتاییدا ودوای ماوەیەکی زۆر کە خەریك بوو سیناریۆکە لە بیر بکەم لە نێو دەیان کچە ئەکتەردا دەرهێنەر منی هەڵبژارد.
دەربارەی ئەزموونی خۆی لە هۆڵیۆد ئیڤا دەڵێ: باجێکی زۆری سەرکەوتنی ئەزموونی خۆم لە هۆڵیۆد داوە، بەڵام من رازیم لەوەی ئێستا پێی گەیشتووم، چونکە لەو ئەزموونەمدا زۆر شت فێر بووم دەربارەی پیشەی خۆم کە نواندنە و دەربارەی ژیان بە گشتی، سەبارەت بە جوانی و کاریگەریی لەسەر وەرگرتنی رۆڵەکان ئیڤا دەڵێ: زۆر کەس وا هەست دەکەن کە بە هۆی سەرنجڕاکێشیم رۆڵم پێ دەبەخشرێ، بەڵام من هەست دەکەم بەهۆی تایبەتمەندی ئەو رۆڵانەی دەرهێنەران پێم دەبەخشن خەریکی لە ئافرەت بوون بێبەش دەبم.



## شەوکەت ئەمین:

# بەداخەوە کەلتووری چوونە سینەمامان نییە و پێویستە زیندوو بکرێتەوە



**فیلمی «سینەمایی بیرەوەرییەکانی سەر بەرد»، لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، بەرهەمی ساڵی ٢٠١٤ـی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیایە، فیلمێکی درێژی سینەماییەو هەریەکە لە حوسێن حەسەن و نازم کرك و شیما ماولایی رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، سیناریۆی فیلمەکە کە لە نووسینی شەوکەت ئەمین کورکی و مەمەد ئەکاتاش-ـە، فیلمێکە لە نێو فیلمێکدا، باس لە گروپێکی سینەمایی دەکەن کە دەیانەوێت فیلمێکی سینەمایی لە بارەی ئەنفال بەرهەمبهێنن، لە نێو فیلمەکەشدا چەندین رووداوی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی دروستدەبن».**

شەوکەت ئەمین سەبارەت بە ستافی فیلمەکە دەڵێ: ئەکتەرەکان و ستافی فیلمەکە بەگشتی واتە ئەوانەی پشتی کامێراشن لە هەر چوارپارچەی کوردستان و خەڵکی وڵاتانی دیکەش پێکهاتوو بۆ نموونە بەشێکی زۆریان خەڵکی ئەڵمان بوون، چونکە پۆست پرۆدێکشنی کارەکەیش لەوێ بوو، هەروەها بەشێکیشیان فارس بوون. یەکێك لە ئاستەنگەکان و ئەو شتە زۆر زەحمەتانەی کە لەم فیلمەدا بۆ من درووست ئەوەبوو کە ستافی فیلمەکە زۆر گەورە بوو.

دەربارەی نمایش کردنی فیلمەکە لە کوردستان دەڵێ: تا ئێستا کەلتووری سینەمای لای میللەتی ئێمە بە تەواوی نەچەسپیوە و دەتوانین بڵێین تا رادەیەك نامۆیە، چونکە پێش ئێستا زۆر جار کەسانێك هەبوون دەیانوت جەماوەری کوردی مافی خۆیەتی ئەو فیلمە کوردیانە ببینێت کە لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشداری دەکەن و خەڵات بەدەست دەهێنن ئێمەش وەکو سینەماکار دەمانگوت هۆڵی سینەما و شوێنی گونجاو و فیلمان نییە بۆ ئەوەی فیلمەکان تێدا نمایش بکەن، کەچی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هۆڵی باش و مۆدێرن هەیە و نوێترین فیلمە جیهانییەکان نمایش دەکرێن جگە لەو نمایشە تایبەتانەی بۆ فیلمەکان دەکرێت و جەماوەر دەتوانێت بەم فیلمانە ئاشنا بێت، بەڵام هۆڵەکان چۆڵن، فیلمی (بیرەوەرییەکانی سەر بەرد) یش بە هەمان شێوە ئاستی جەماوەریی زۆر نزم و بە هیچ شێوەیەك لە ئاست تمووحی ئێمە نەبووە، من پێشبینی ئەوەم نەدەکرد، ئەو سارد و سڕییەی جەماوەر وەنەبێت تەنیا بۆ فیلمە کوردییەکان بێت،چونکە بەپێی زانیارییەکانی من نوێترین فیلمە بیانییەکانیش کە نمایش دەکرێن بینەریان نییە.

شەوکەت ئەمین زیاتر دەڵێ: بەر لە هەولێر و سلێمانی لە دهۆك فیلمەکەمان نمایش کرد، بەڵام ئەو پێشوازییەی کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد لە لایەن خەڵکییەوە بۆ فیلمەکە نەکراوە، و پێمانوابوو ئەگەر فیلمەکە بهێنینە هەولێر و سلێمانی رەنگە بینەری فیلمەکە زیاتر دەبێت، بەڵام بەڕاستی لەو دووشارەش زۆر خراپ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کەلتووری چوونە سینەما لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و ئەگەر هەشبێت وەکو پێویست نییە.

کورکی بوونی بینەری کوردی لە هۆڵەکان بۆ بینینی فیلمە کوردییەکان بە گرنگ دەزانێت و دەڵێ:

خۆزگە ئێمە ئەو بینەرەمان هەبا، چونکە من بەو ئیحساسەوە کار دەکەم کە فیلمەکە بۆ کوردە، و هەر کاتێك کە کار دەکەم بینەرێك کە بۆ فیلمەکەم تەسەوری بکەم بینەری کوردە نەك بینەرێکی دیکە، چونکە من خۆم کوردم من لەناو ئەو بینەرەم و فیلم بۆ دڵی خۆم دروست دەکەم واتە فیلمێك دروستدەکەم کە خۆم بینەری دەبم یەکەم جار، ئەو بینەرەی نزیکی خۆمە کوردە، بینەری ناوخۆ زۆر زۆر گرنگە بۆ من و لە بینەری دەرەوە زۆر گرنگترە، ئەگەر ئێمە بینەرێکی گەورەمان هەبا، ئەگەر کوردستان کیانێکی سیاسی گەورەی بە سینەمایەکی پیشەسازی لێرە هەبا، بەدڵنیاییەوە فیلمەکان دەیانتوانی نەك هەموویان بەشێکی زۆریان دەیانتوانی ئەو تێچووەی لە فیلمەکاندا خەرج دەکرێت دەربهێنێتەوە، من فیلم بۆ ئەوە دروست دەکەم یەکەم جار، میللەتی خۆم پاشان دنیا ببینێت خەڵکێك لە هەموو شوێنێکی دنیاوە حەزی لێ بکات.

شەوکەت ئەمین کورکی دەربارەی سیناریۆی فیلمەکە بە گشتی دەڵێ: فیلمەکە دەربارەی سینەمای کوردییە، دەتوانم بڵێم پشت کامێرای دروستکردنی فیلمێکی کوردییە، فیلمێك کە سەبارەت بە فیلم دروستکردن. زۆرتریش بەشێکی تەجروبەی خۆمە لە فیلمەکانی پێشووم، ئەم فیلمە دەربارەی کاستێکی فیلم دروستکردنە کە کار لەسەر دروستکردنی فیلمێك دەکەن لەسەر ئەنفال و توشی



زۆر گیر و گرفت دەبن.

فیلمەکە بەرهەمێکی هاوبەشی چەند وڵاتێك و کوردستانە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فیلمە، لەم بارەیـــەوە دەرهێنەری فیلمەکە دەڵـــێ: فیلمەکە بەرهەمێکی هاوبەشی کوردستان و چەند وڵاتێکە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی کوردســـتان و ئەڵمانیایـــە و زۆرترین هاوکاری فیلمەکە لەلایەن وڵاتی ئەڵمانیا بووە و تا ئێســـتا لە چەندین فیســـتیڤاڵی جیهانی بەشـــداریی کردووە وەك سویســـرا، قەتەر هەروەها فاندی سکریپت کە لە ئاسیا پاسیفیك و پوسان لە کوریای جنوبی، لەگەڵ گوتنبورگی سوید، و یەکەمجار لە فیستیڤاڵی "کارلۆڤی ڤاری" پیشان درا، پاشان لە "پوسان" و دواتریش لە فێستیڤاڵی "ئەبوزەبی" پێشاندرا کە خەڵاتیشی وەرگرت، ئێستایش بۆ چەند فێستیڤاڵێکی دیکەشمان ناردووە و بەشداری دەکات لەو فێستیڤاڵانەشدا.

هەروەها ســـیناریۆی ئەم فیلمە لەکاتی ســـکریپدا و پێش بەرهەم هێنان دوو خەڵاتی برد "پوســـان، ئاسیا پاسیفیك" شتێکی دیکە هەیە لەســـەر ئەم فیلمە، لە کوردســـتان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سینەمای شاری دهۆك و پارێزگاری دهۆك، هەروەها ئەڵمانیایش زۆرترین هاوکاری کراوە.

لەلایەکی دیکەوە لە یادی ٧٠ ســـاڵەی دامەزراندیی رێکخراوەی یۆنســـکۆ UNESCO و ١٠ ســـاڵەی کۆنوانسیۆنی پاراستن و بڵاوکردنـــەوەی کەلتـــووری بە ئامادەبوونی شـــەوکەت ئەمین کورکی و مەمەد ئەکتـــاش" بەرهەمهێنەری ئەم فیلمە، "عەباس غەزالـــی" ئەندامی پەرلەمانی کوردســـتان، جێگری ســـەرۆکی گشتیی رێکخراوەی یۆنسکۆ، "مایکل هاوکینز سەرۆکی خەڵاتی "ئاســـیا پاسیفیك"، ئەکتەری ناوداری عەرەبی - فەرەنسی "هیام عەباس" و ٨٠٠ کەس لە کەســـایەتییە تایبەتـــەکان، رۆژی ١٠ حوزەیران / یۆنیۆی ٢٠١٥ لە هۆڵی بارەگای سەرەکی رێکخراوەی جیهانی یۆنسکۆ لە شاری پاریسی نمایشکرا.

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا جێگری سەرۆکی گشتیی رێکخراوەی یۆنسکۆ بەخێرهاتنی میوانانی کوردستانی کرد و پەیامی "ئیریانا باکۆڤا ســـەرۆکی گشتیی رێکخراوەی یۆنســـکۆی خوێندەوە، لە بەشـــێکی ئەم پەیامەدا هاتووە: ئێمە زۆر خۆشـــحاڵین کە ئەمڕۆ فیلمی ســـینەمایی "بیرەوەرییەکانی سەر بەرد لە یۆنسکۆنمایش دەکرێت. لە دنیای ئێستادا فیلم، رۆڵێکی زۆر گرینگ و بەهێز لە رووی پەرەپێدانی کەلتووری جۆراوجۆرەکان، لێکتێگەیشتن، وتووێژ و هەروەها پێکهێنانی ئاشتی دەبینێت.

ســـەبارەت بە جیاوازی ئـــەم فیلمە لەگەڵ کارەکانی پێشـــوویدا کۆرکی دەڵێ: من کە لە فیلمێکدا ئیش دەکەم خۆم بە ستایلێکەوە نابەســـتمەوە تا فیلمەکەش نمایش نەکرێ کـــەس ناتوانێت بڵێت چ ستایلێکە و رەنگە چەند ســـتایلێك پێکەوە خۆی نیشان بدات فیلمەکانی پێشووشـــم بە هەمان شـــێوە بوون، بەڵام بە گشـــتی دەتوانم بڵێـــم تارادەیەك ســـیناریۆی فیلمەکە درێـــژە پێدەری فیلمی "شـــوێنێك بۆ یاری"یە، بەڵام بـــە جۆرێکی دیکە، لێرەدا ئێمە چەنـــد کارەکتەرمان هەیە، هەرچەندە لەوانەیە کارەکتەرێکی سەرەکی وەکو "حوســـەین" هەبێت و بڵێین کارەکتەری سەرەکییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەرکیزمان لەسەر کۆمەڵێك کارەکتەر و کۆمەڵێك ڕووداو بووە.